www.kurdistannet.org

# ڕۆژنامەی وڵات

## ٩ساڵ تەمەن و تیشکێك بۆسەر ڕاستییەکان

نووسین و بەدواداچوونی : مافپەروەر خانزاد عەلی -ئیتالیا
وەرگێران و پێداچوونەوەی لەزمانی ئینگلیزییەوە : گۆران هەورامی

(لەدیرۆکی بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردیدا ڕۆژنامەی وڵات تاکە ڕۆژنامەی کوردییە کەلەماوەیەکی کەمدا زیاتر لەبیست ڕۆژنامەوان و ئەندام و نووسەری بوونەتە شەهیدوقوربانی ڕێگای پەیڤی ئازادی کوردی. وڵات لەوڵاتێکدا چاوی هەڵهێناوە ، کەبەدەوریدا تەونی بەرژەوەندی تەنرابوو ، وڵات هەرلەسەرەتای چاو هەڵهێنانیەوە وەکو دەزگایەکی نەتەوەیی کەوتۆتە گەڕ ، ڕۆژنامەیەکە لەکوردستان بەگشتی و لەباشووری کوردستان بەتایبەتی خاوەن ڕۆڵێکی گرنگە لەهۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی کورد بەرامبەر ڕاستیەکان و هەمیشە لەژێر لێزمەی گومان چووەتە ژوانی خوێنەرانی. . . ، ئێستاش ڕێگانادرێ وڵات و دەستەخوشکەکانی وڵات بەئاشکرا لەسەرشەقامەکانی باشووری کوردستان خۆیان نیشانی خوێنەرانیان بدەن ، تیانووسین ، خوێندنەوە ، فرۆشتن ، خوشویستن وئەویینداری کردن لەگەڵ وڵات و خوشکەکانی بقەیە ! ، وڵات تاکە ڕۆژنامەیە لەباشووری کوردستاندا کە لەگەڵ هەموو ئەو هێرش وپیلانێك ، نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانی بەئیرادەو باوەڕی پۆڵایینیانەوەو بێ هیچ بەرامبەرێك و بەشەو ڕۆژو بێ وەستان لەخزمەتی بێ وچانی پەیڤی ئازادی کوردی تێکۆشاون . . . . . بۆزیاتر ناساندنی ڕۆژنامەی وڵات و ئەوراستییانەی کەلەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆماردەکرێن بەپێویستم زانی بەشێك لەم لێکۆڵینەوە گرنگ و بەرفراوانەی مافپەروەر : خانزاد عەلی بۆخوێنەرانی کورد ، وەربگێرمەسەرزمانی کوردی و بەوردە دەستکاریەکەوە پێیدابچمەوە کەتایبەتە بەرۆژنامەی وڵات ، بێگومان ئەم بابەتەش یەکەم لێکۆڵینەوە نییە ، کەبەزمانی بیانی سەبارەت بەرۆژنامەی وڵات ئەنجام دەدرێ ، ساڵی١٩٩٧ بەزمانی عەرەبی و ئەڵمانی دوو لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە ، لەمانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩٨یش پەرلەمانتارێکی پێشووتری نەرویج و ژنەرۆژنامەوانێکی نەرویجی لەشاری سلێمانی سەردانی ناوەندی ڕۆژنامەی وڵاتیان کردووەو لێکۆڵینەوەیەکی وردیان سەبارەت بە ڕۆژنامەکەو ڕووداوەکانی سەر ڕێی ئەم ڕۆژنامەیە ئەنجامداوە ، ئەمساڵیش مافپەروەری کورد خانزاد عەلی دوای چەندین ساڵ و داوی هەوڵ و ماندووبوونێکی دوورو درێژ ئەم لێکۆڵینەوەی بەهاوکاری مافپەروەری دۆستی کورد : مارکۆ مایەر ئەنجامداوەو بەزمانی ئینگلیزی نووسیویەتی ، کەلێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانە سەبارەت بەرەوشی ڕۆژنامەوانی لەکوردستاندا ، تێیدا باس لەرەوش و مێژووی ڕۆژنامەکانی ئۆزگور گوندەم ، ئۆزگور ئولکە ، وڵات -ی باکور ، وڵاتێ مە ، ئازادیا وڵات و ڕۆژنامەی وڵات -ی باشوور ، گۆڤاری ئۆزگور هەلك ، گۆڤاری پینەو تیرۆرکردن و گرتن و ئەشکەنجەدان و ڕفاندنی ڕۆژنامەوانانی کورد دەکات کوردستان و تورکیا دەکات -وەرگێر ) .

### *لە دایك بوونی وڵات

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی جەماوەری باشووری کوردستان ، دەرچوونی ڕۆژنامەیەك ، کە دەنگ و سەدای گەلی کوردو نیشتمانەکەی بێ و یەکێتی نەتەوەیی و ئازادی گەلی کوردستان بە بنەما بگرێت و سەکۆی ئازادی ودیموکراتی و ڕێگا چارەی شۆڕشگێڕانە بێ پێویست بینراوە . بۆ ئەو مەبەستە و دوای ئامادەکارییەکی چڕوپڕ لە ئادارو نیسانی ساڵی ١٩٩٣دا لەگەڵ ژمارەیەك لەنووسەرو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕو نەتەوەیی و وڵاتپارێزەکانی کورد ئامادەکاری دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی کراوەو کۆمەڵێك ناویش بۆ ڕۆژنامەکە دیاری کراون لەوانە (وڵات -دۆزاگەل -ڕێگای وڵات -دەسەڵاتی گەل -دەنگی گەل -ڕێگای دەسەلات . . . ) . سەرئەنجام وڵات بووەتە ناوەکەی و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی ، نووسەرانی شۆڕشگێڕو ، ڕۆشنبیرانی وڵاتپارێزی کورد کەوتوونەتە خۆ بۆ دەرخستنی یەکەم ژمارە ، ئەوەبووە کەلە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٨ -٥ -١٩٩٣دا ژمارە سفری "وڵات" براوەتە چاپخانەی زانکۆ لە شاری هەولێر ودوای چەند کاتژمێرێك یەکەم ژمارەی وڵات بەتیراژی (٢)هەزار دانە چاپکراوە . (وڵات)لەناو شاری هەولێر و لەتەواوی ناوچەو شاروشارۆچکەکانی باشووردا بڵاوکراوەتەوەو گەیشتووە بەبەشەکانیتری کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش . . . . . یەکەم ژمارەی وڵات بە ٨لاپەڕەی قەوارە گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ بڵاوبۆوتەوە ، کە ٦ لاپەڕەی یەکەمی بەزمانی کوردی و ٢ لاپەڕەی کۆتایشی بە زمانی عەرەبی بوو . یەکەم ژمارەی "وڵات "لە چاوتروکانێکدا لە بازاروکتێبخانەکانی کوردستان نەماوە ، بۆیە هەر ژمارەیەك لەدوای ژمارەیەکی تر ڕێژەی چاپکردنی بەرزبۆتەوە تا لە ژمارە ٨ دا گەیشتووە بە (٤٥٠٠) دانە . لەژمارە ٩ دا گەیشتووە بە (٦٥٠٠) دانەو لەژمارە

www.kurdistannet.org

١٠دا تیراژ گەیشتووەبە (٨٥٠٠) دانە .

ولآت بەلەدایك بوونی یەکەم ژمارەی لە٨ -٥ -١٩٩٣ و لە یەکەم سەروتاریدا بەم شێوەیە پێناسەی خوێ دەکات: (ولآت ڕۆژنامەی کۆمەلآنی خەلکی کوردستانە بە تایبەت ئەو خامە بە دەستانەی بەبیرێکی ڕووناك و دیدێکی پێشکەوتووخوازانە لەکۆڕی بەرگریکردن لەکێشە سەرەکیەکەی نەتەوەکەماندا ئەسپی نووسینی خۆیان تاودەدەن و بەرهەمەکانیان دەکەنە پردی پەڕینەوە بەرەو کەناری خەباتی دلسۆزانەی بێ وچان لەپێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلە ستەمدیدەکەماندا ، بانگەشەی سەربەستی بیرو باوەڕ دەربڕین و بۆچوون ،سەرمەشقی سیاسەتی ڕۆژنامەکەیەو هەموونووسەرانی دلسۆزی کوردستان دەتوانن هەناسەی تیابدەن ،هەلویستی ڕۆژنامە پشتگیری کردنی تەواوی خەباتی گەلەکەمان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە بنچینەییەکانی بە ڕێگەی ئاشتیانەی دیموکراتیانە ی عادیلانە . . . . ) .

*داخستنی یەکەم ڕۆژنامە لە کوردستانی ئازاد !

"ولآت" لەگەل دەرچوونی یەکەم ژمارەی ،بووە ناوەندی کۆکردنەوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ولآتپارێز ولاپەڕەکانیشی بوونە مینبەری ئازادی بیروڕادەربڕین وئاشکراکردنی چەواشە کارییەکان و هەلدانەوەی پەردە لەسەر پیلانی ولآتەسەردەستەکانی کوردستان و دوژمنانی گەلی کورد وریسواکردنی هەموو جۆرەکانی پەیوندی بەهێزە دەرەکیەکانەوە . لەبەرامبەر درکاندنی ڕاستییەکان، دەسەلآتداران خۆیان بۆ نەگیراوهەر زوو بەشێوەیەکی نا یاسایی بڕیاری داخستنی "ولآت " یان داو ڕۆژی ١ -٨ -١٩٩٣ هێرشیان کردە سەر بارەگای ناوەندی "ولآت" لەشەقامی پەروەردەی شاری هەولێر و بەدەر لەبڕیاری یاسا دەرگای ناوەندی "ولآت"یان داخست . ژمارە ١٠ ی "ولآت"یش کە ئامادەی چاپکرا بوو ئەو ڕۆژەبەنهێنی بردرایە چاپخانە و بەیارمەتی خوالێخۆشبوو (د .فازل قەفتان )ی بەڕێوەبەری ئەوسای چاپخانەی زانکۆ ئەم ژمارەیە ی "ولآت"یش لەقەوارەیەکی گەورەو ڕەنگاو ڕەنگدا چاپکرا و ڕۆژی ٢ -٨ -١٩٩٣ش بلاوکرایەوە . بەم شێوەیە داخستنی ڕۆژنامەی "ولآت"بووە داخستنی یەکەم ڕۆژنامەلەکوردستانی ئازادی دوای ڕاپەڕین . !

* دەنگدانەوەی داخستنی "ولآت" لە ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوە

ژنە ڕۆژنامەوانی ئەوروپی (لیسی شمیتس) کەمانگی نیسانی سالی ١٩٩٤لەباشووری کوردستان تیرۆرکرا ، ناوبراو لەکاتی داخستنی ڕۆژنامەی "ولآت"لە شاری هەولێر بوو ،دوای لێکۆلێنەوەکەی کە "ولآت" ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی بووە ،هەوالی داخستنی ڕۆژنامەی "ولآت"ی گەیاندە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و لەزۆربەی کەنالەکانی ڕاگەیاندندا خوێندرایەوە ، کە داخستنی "ولآت" دژی دیموکراسیەت و ئازادی بیر و ڕادەربڕینە . هەروەها ژنە پەرلەمانتاری زیندانی کراوی کورد (لەیلا زانا ) کە ئەوکاتە سەردانی ناوەندی ڕۆژنامەی "ولآت"ی کردبوو لەشاری هەولێر ،لە دوای داخستنی ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندبوو: (من ئێستا کە زانیم "ولآت"چەندە کاریگەری هەبووە ، بۆیە بەو شێوەیە دایانخست ) هەروەها ژمارەیەك کورد ناسی ڕووسی کە ئەوکاتە سەردانی باشووری کوردستانیان کردبوو ڕایانگەیاند بوو (داخستنی ڕۆژنامەیەك بەم شێوەیە ، لەخزمەتی کێشەی گەلی کورد دانییە !) لەلاییەکی ترەوە لەگەل داخستنی "ولآت"هەزاران (نووسەر ، ڕۆشنبیر ، شاعیر ، ڕۆژنامەوان ، پارێزەر ، مامۆستا ،دکتۆر ، ئەندازیار . . . . )و توێژەکانی تری جیاجیای گەل لەناوەو دەرەوەی کوردستان ناڕەزایی توندیان بەشێوەی ئیمزا کۆکردنەوە وبەشێوەی زارەکی نیشاندا .

*بەرامبەر داخستنی "ولآت" وەزیری ڕۆشنبیری دەستی لەکارکێشایەوە

لەگەل بەردەوامبوونی دەنگی ناڕەزایی دژ بە داخستنی "ولآت" ،هاوکات وەزیری ڕۆشنبیری ئەو کاتەی هەرێمی باشووری کوردستان شێرکۆ بێکەس دەستی لەکار کێشایەوە و وازی لە ئەرکی (وەزیری ڕۆشنبیری )هێنا . شێرکۆ بێکەس دەربارەی داخستنی "ولآت"و ی دەست لەکارکێشانەوەی لەپۆستی وەزیرییەکەی، شەوی ١٤ -١٥/٦/١٩٩٥لە دیدارێکدا بۆ تەلەفیزۆنی ئاسمانی کوردی MED-TV دەلێت : (من لەسەر دوو شتی بنچینەی دەستم لە کارکێشایەوە ،یەکەمیان داخستنی ڕۆژنامەی ولآت بوو ،پەرلەمان بەقانوونی ١٠ ی چاپەمەنی بۆ ڕۆژنامە نووسی بڕیاریدا کە هەموو کەسێك ئازادە لە دەرکردنی ڕۆژنامەو ، مەسەلەی داخستنی ڕۆژنامەیەك دەبێت لەڕێی قانوونەوە بێت و لەڕێی دادگاوە بێت ،ڕۆژنامەی "ولآت"کەلە هەولێر دەردەچوو . . . ،ڕۆژێك پارێزگاری هەولێر . . بەبێ هیچ ئاگاداریەکی ئێمە هەستا بە داخستنی ڕۆژنامە ی ولآت . کاتێکیش هەوالی داخستنەکەم پێ گەیشت ،هەستم کرد کەمن وەزیرنیم ، چونکە ئەگەر وەزیر بم دەبێت یاسام لەبەردەم دابێت ، جا کاتێك ئەوە ببینم کەمن وەزیرم و لەلایەکیشە وە یاسای وەزارەت و قسەی پەرلەمان پێشێل دەکرێت ، هەستم کرد ئیدی ئەم کارە نەکەم چاکترەو . . . ڕۆژنامەیەك بەزەبری زۆری دادەخرێت و لەسەر ئەمهۆیانە بوو ئیستقالەم کرد . )

www.kurdistannet.org

***دیسان ولأت !**

دەرچوونی ١١ژمارەی ئاسایی "ولأت" بە ژمارە سفرەوە لەگەڵ (١)ژمارەی تایبەت ،سەرجەم دوای (١٢) ژمارەی ڕەسمی قەوارە گەورەی ڕەنگین لە هەولێر ،هەولێکی زۆر درا بۆ درێژەدان بەرەسمی دەرچوونەوەی "ولأت" ، بەلأم دەسەلأتدارانی باشوور هەموو توانا کاریەکانیان خستە گەڕ ، تەنیا بۆ ئەوەی "ولأت" دەرنەچێتەوە .کەچی "ولأت" سووربوو لەسەر درێژەدان بە پەیامی خۆی و بۆیە ئەرشیف وکەل وپەلەکانی گواستەوە بۆ دۆڵێکی نزیك گوندی (زەڵێ )ی سەر سنووری ڕۆژهەلأت و باشووری کوردستان و لەوێ دوای کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی نووسەرەکانی بەسەرپەرشتی (د. سیروان ) ی ڕۆژنامەوان و شۆڕشگێڕی کورد ، پلانی دەرچوونەوەی ولأت داڕێژراو دوای ئامادەکاریەکی باش لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ ژمارەیەکی نو ێی "ولأت"ئامادەکراو ، بەبەرواری ڕۆژی ١ -١ -١٩٩٤ بلأوکرایەوە . دیسان لەگەڵ دەرچوونەوەی "ولأت"دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان و هێزەکانی ناوخۆ دڵتەنگ بوون و شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەران و گەلی کوردستانیش چاویان ڕوونتر ودڵیان گەشتر بوو ، "ولأت"کەبەنهێنی دەگەیەنرا یە ناوەندی شاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستان و شوێنەکانیتر . بەبیستنی دەرچوونەوەی ولأت جەماوەر بەحەزێکی زۆرەوە تامەزرۆی ژمارە تازەکانی "ولأت" بوون و چەپکە گوڵی پیرۆزبایی و پەیامی دەستخۆشیان ئاراستەی ئەندامانی ولأت دەکرد .

(د. سیروان ) دەربارەی سەرلەنوێ دەرچوونەوەی "ولأت" لەوقۆناخەدا دەڵێت : - (ڕۆژنامەی ولأت مینبەرێکی ئازادبووە وپێوانەی ئازادی ڕادەربڕین بووە . . . ولأت ڕەسمی یان ناڕەسمی هەڵوێستی خۆی درێژە پێ دەدات . )

***فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی "ولأت"دەکەن !**

بەرەیانی ڕۆژی ٢٨ -١ -١٩٩٤ (٥٠) فڕۆکەی جەنگی ئارتەشی تورکیا هێرشیان کردە سەر ناوچەی (زەڵێ )و دەوروپشتی ،لەو هێرشەدا فڕۆکەکان سەدان ڕۆکێتیان بەسەر ناوچەکە دا باراند ، نووسینگەی ڕۆژنامەی "ولأت"یش نزیك بەم ناوچەیەبوو. لەئەنجامی هێرشەکەدا جگە لەشەهید بوونی ژمارەیەك شۆڕشگێرانی کوردو ژمارەیەك هاوولأتی ، نووسینگەی ڕۆژنامەی (ولأت)یش لەم هێرشەدا بێ زیان نەبوو .

(د. سیروان ) ئەمجارە دەربارەی ڕاستی دەرچوونەوەی ولأت لەدوای ئەمهێرشە بۆجەماوەر دەنووسێت : - (هەرچەندە بۆمباو باڕووت و بەفرو باران بەسەر ڕۆژنامەکەتاندا بباریێ ، بەلأم ولأت دیسان دەردەکەوێت و . . . هەرچەندە کەندو کۆسپ ورەهێڵەوشەختەهەبێ ، ولأت وەك کاروانی تێکۆشانی ئازادی ، ڕێبواری ڕۆژانی دژواری ونیشانەی نەبەزی و دەربڕی ئیرادەی گەلەکەیەتی . )

ریبەر کەرکوکی ، یەکێك لەنووسەرەکانی ئەم ڕۆژنامەیە پێی گوتم: دوای ئەم بۆردومانە بارەگای "ولأت" بۆ شوێنێکی دەوروپشتی هەمان ناوچە گوێزرایەوە ، وەلێ ولأت دیسان بێ بەش نەبوو لە هێرش وبۆردومان .

*** (ولأت) وجارێکی تر مۆڵەتی ڕەسمی !**

"ولأت"لەبەهاری ١٩٩٤خۆی گەیاندە ناو شاری سلیمانی و بەنهێنی خۆی بەچاپ دەگەیاند . هەر لە و ماوەیەدا جارێکیتر هەوڵ بۆ بە ڕەسمی دەرچوونەوەی "ولأت"دەدرا ،سەرئەنجام ڕۆژی دووشەممە ١٩٩٤/٧/٣ "ولأت"لە ژمارە٢٦یەوە بەمۆڵەتی یاسایی ژمارە ٦١ی (وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عیراق) و بەئیمزای وەزیری ڕۆشنبیری کەرۆژنامەی ولأت هەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە ، بەڕەسمی خۆی گەیاندەوە هەر شوێنێك و لەهەولێر و لەچاپخانەی ڕۆشنبیری چاپ دەکراو نووسینگەی ڕەسمیشی لەشاری (هەولێرو سلیمانی )کردەوە .

*** تەقاندنەوەی نووسینگەکانی "ولأت"لە هەولێرو سلیمانی .**

ڕۆژنامەی "ولأت" ، لەدوای سەرلەنوێ بەڕەسمی دەرچوونەوەی ،هەردوو نووسینگەی شاری هەولێر و سلیمانی کەوتنە بەر زنجیرەیەك هێرش و پەلامار : -

١ -ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٣کات ژمێر ٥:٢٠ ی بەرەبەیانی (نووسینگەی ولأت -لەشاری سلیمانی) تەقێنرایەوە جگە لە زیانی ماددی بۆ نووسینگەکە و دوکان و ماڵەکانی دەوروپشتی هیچ زیانێکی تری لێ نەکەوتەوە .

٢ - ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٥کات ژمێر ٩ی ئێوارە بڕێکی زۆرماددەی (تی ئێن تی ) لە (نووسینگەی ولأت لەشاری هەولێر) تەقییەوە ،جگە لەزیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتەوە .

٣ -ڕۆژی ١٩٩٥/٤/١٢کات ژمێر ٦ی بەرەبەیانی بڕی (٣٥) کیلۆ مادەی تی ئێن تی لە (نووسینگەی ولأت لە هەولێر ) تەقێنرایەوە و جگە لە زیانی ماددی زۆر بە نووسینگەکە و (٢١) دوکانی دەوروبەری هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە .

٤ - ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٦کات ژمێر ٥ی بەرەبەیانی (نووسینگەی ولأت لەسلیمانی ) تەقێنرایەوە و جگە لە بڕێك زیانی ماددی هیچ زیانی گیانی لێ

www.kurdistannet.org

نەکەوتەوە .

***زیادبوونی تیراژی ولآت و لەدایك بوونی "ولآتی رۆژ "**

لەبەر گرنگی قۆناغ و زووتر گەیاندنی هەواڵ و گۆڕانکارییەکان بەجەماوەر "ولآت" لەژمارە ٧٤ی ڕۆژی ١٧ - ٧ - ١٩٩٥وە هەفتەی دووجار ڕۆژانی (دووشەممەوپێنج شەممە ) خۆی گەیاندە جەماوەر و تیراژی چاپکردنیشی لەوماوەیەدا ١٠هەزار ی تێپەڕاند و هەر جارەو هەزاردانەی لێ ڕەوانەی ولآتە عەرەبیەکانیش دەکرا ، چونکە چەند لاپەڕەیەکی تایبەت بەزمانی عەرەبی بوو .

"ولآت"کە هەفتەی دووجار بە (٦ لاپەڕەی کوردی + ٢لاپەڕەی عەرەبی=٨لاپەڕە ) دەردەچوو ، ڕۆژی ٢٠ /٨ /١٩٩٥ لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرجەم نووسەرو ئەندامانی ولآت بڕیاردەدرێ هەموو هەفتەیەك دووجار سەرجەم لاپەڕەکانی بەکوردی و دووهەفتە جارێکیش لەڕۆژانی شەممە ولآت ی تایبەت بەزمانی عەرەبی دەربچێت .ئیدی لەو ماوەیە "ولآت"ی تایبەت بە عەرەبی (٩) ژمارەی لێ دەرچوو. بۆ ئەوەی بەشە عەرەبیەکەی "ولآت" بتوانێ وەکو ڕۆژنامەیەك ڕۆڵی خۆی ببینێ نەك وەکو پاشکۆیەك ، بۆیە بەناوی ( **وطن الشمس** -ولآتی ڕۆژ )مۆڵەتی ڕەسمی دەرچوونی بۆ وەرگیراوەو ڕۆژی ٢٣/ ١٢/ ١٩٩٥یەکەم ژمارەی (ولآتی ڕۆژ ) بە ٨لاپەڕە بەزمانی عەرەبی و بەتیراژی ٣ هەزار دانە چاپ کرا . "ولآتی رۆژ "کە لەگەڵ "ولآت" دەستە خوشکی یەك ماڵ بوون ،لەخۆشی وناخۆشیەکانیشدا هاوبەش بوون و بەهەر دووکیان خاوەنی یەك دەستە ی نووسەر ،یان یەك خێزان بوون .

***هێرش بۆسەر شاری هە ولێر و داخستنی (ولآت) ! .**

بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ -٨ -١٩٩٦ شاری هەولێر ڕووبەرووی هێرشێکی گەورە بۆوە . لەگەڵ ئەم هێرشەدا ئەندامانی "ولآت" بەسەرماڵی ولآتپارێزەکانی شاردا بلآو بوونەوە و ڕۆژنامەکەش تائەو ڕۆژەی هێزەکانی ئێراق بۆ دەرەوەی شار پاشەکشەیان کرد لەدەرچوون وەستاو ، ڕۆژانی ٩تا ١٢/٩/١٩٩٦ ژمارە ١٩٠ ، ١٩١ ی "ولآت" بە نهێنی بەچاپ گەیەنران و بلآو کرانەوە ، "ولآت" لەم دوو ژمارەیەی خۆیدا بەشێوازێکی زۆرسیاسی لە وتارەکانیدا ،شەڕی ناوخۆو ئەم جۆرە هێرشەی شەرمەزار کردووەو بە لەباربردنی دەسکەوتە کانی ڕاپەڕین و ڕەنجی گەلی کوردستانی لەقەڵەمداوە ، لە وکاتەدا لە بەرامبەر دەرچوونی "ولآت" ،دەسەڵاتدارانی هەولێر بڕیاری داخستنی "ولآت" یان داو ڕێگەی چاپکردن و بلآو کردنەوەی "ولآت"یان گرت .

*** تیرۆرکردنی (د . سیروان ) و بەردەوامبوونی (ولآت) . . . . !**

(د . سیروان )ی نووسەری هەمیشەی "ولآت" مانگی ئابی ١٩٩٦ لە شاری هەولێر لەهەولێکی تیرۆرکردندا ڕزگاری دەبێ و چەند ڕۆژێك دوای ئەم ڕووداوە خۆی دەگەیەنێتە شاری سلێمانی وناوچەکانی دەوروپشتی ، بەڵام ئەوەندەی نەبردوە ، کە لە ڕۆژی ٤/١٠/١٩٩٦ (د . سیروان ) لەگوندی (قەلآچوغەی شێخ کەریم )ی سەر بەناوچەی ئاغجەلەر بەشێوەیەکیتر تیرۆرکراوە . لە لایەکی تر سەرباری هەموو ئاستەنگییەکانی سەر ڕێی "ولآت" لەلایەن هێزی ناوخۆوە ، کەچی ڕۆژنامەی "ولآت" هەر خۆی بە چاپ دەگەیاند و بەهەموو لایەکیشدا بلآودەبۆوە و سوور بووە لەسەر پەیامەکەی .

*** (ولآت ) وجارێکی تر هەوڵی داخستن و کۆسپ لە بەردەم ئەندامانی .**

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی ١٩٩٧ ،لە ڕێگەی چاپ خانەوە هەوڵی ڕێگەگرتنی لەچاپ دانی ڕۆژنامەی "ولآت و ولآتی ڕۆژ "دراوە و نوێ نەکردنەوەی مۆڵەتیان کردۆتە بیانوو و پێیان ڕاگەیاندوون : تا مولەت نوێ نەکەنەوە نابێ ڕۆژنامەی "ولآت و ولآتی ڕۆژ" چاپ بکرێ . کاتێکیش ئەندامانی "ولآت" دەچوون بۆنوێ کردنەوە ی مۆڵەت ، (وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر ) بەبیانووی جۆراو جۆر مۆڵەتەکە یان درەنگ خستووە ،ئەمەش سێ مانگی زیاتر تێپەڕاندوە ، تا مۆڵە تی ڕۆژنامەی "ولآت"و"ولآتی ڕۆژ" نوێ کرا وەتەوە ،کەچی هەردوو ڕۆژنامە بەبەردەوامی لەکاتی خۆیان دەردەچوون . لەلایەکیتر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بەردەوا مبوون لە کۆسپ دروست کردن لە ئەرکی نووسەرو ڕۆژنامەوانان و ئەندامانی هەردوو ڕۆژنامەکەو ڕێگە نەدان بەگەیاندنی ئێش و ئازارەکانی گەل بەرای گشتی ودەستگیرکردنی ئەندامەکانیان و دەستبەسەراگرتنی ئۆتۆمبیلی کاروباری ڕۆژنامەوانی ، نمونەی ئاستەنگیەکانی بەردەم هەردوو ڕۆژنامەکە بوو .

*** گەورەترین هێرش بۆ سەر ناوەندی راگەیاندنی "ولآت" و بێ سەروشوێنکردنی ١٢نووسەرو ڕۆژنامەوان .**

"ولآت"یش هەرگیز بێ بەش نەبووە لەو پیلانانەی کە دژ بە بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی کورد ئەنجام دەدران . د وای ئەوەی لە ١٤ - ٥ - ١٩٩٧ ئارتەشی تورك هێرشێکی بە رفراوانی کردۆتە سە ر باشووری کوردستان . ڕۆژی ١٦ - ٥ - ١٩٩٧یش لە ناو شاری هەولێر ، تەلاری ناوەندی ڕاگەیاندن و

www.kurdistannet.org

بلاوکردنەوەی ولاٌت کەپێکهاتبوو لەرۆژنامەی ولاٌت و ولاٌتی ڕۆژ کەوتەبەرهێرشی دەسەلاٌتدارانی باشوور ، شوێنی ئەم ناوەندەی ولاٌت کەوتبووە عەنکاوە ، لە ڕۆژئاوای هەولێر . سەربازە ونەکانی "ولاٌت"یش بەهۆی خاوەن ئەزموونیان لەهێرش و پەلاماری زۆر بۆسەر رۆژنامەکەیان پێشبینی هێرشێکی بەرفراوانیان کردبوو . ئێوارەی ١٤ - ٥ - ١٩٩٧ سەرجەم نووسەرو ڕۆژنامەوانان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازەدەکەن دوای گفتوگۆیەکی بەرفراوان ، بڕیار دەدەن کە : (هەرچەندە شیمانەی لەناوچوون لەئارادایە ، بەلاٌم دەبێ سووربین لەسەر دەرخستنی ڕۆژنامەی "ولاٌت" و "ولاٌتی ڕۆژ و دەبێ ئامانجی ئەو هێرشانە بۆ گەل ئاشکرا بکەین ) ڕۆژی ١٥ - ٥ - ١٩٩٧ژمارە (٢٥٤)ی ولاٌت بلاٌوکرایەوە کە لە سەروتاری خۆیدا زۆر بە توندی ئەم شالاٌووهەر جۆرە هاریکاریەکی بۆئەم شالاٌوەی ڕیسواو شەرمەزار کردبوو . ڕۆژی ١٦ - ٥ - ١٩٩٧یش ژمارە (٣٧) ی ڕۆژنامەی "ولاٌتی ڕۆژ" بە ڕێگای نهێنی ڕەوانەی چاپخانە کرا . هاوکات دەست کرا بە ئامادەکردنی ژمارەیەکی تایبەتی "ولاٌت" لەسەر ئەم شالاٌوە بەرفراوانە و لایەنە نهێنیەکانی . هەر لەهەمان ڕۆژدا مۆلگایەکی چەکدارەکانی باشوور کەنزیك (ناوەندی ولاٌت) بوو ، هێزێکی زۆری تیاکۆکراوتەوەوخولەك بەخولەك تاهاتووە ژمارەیان زیادی کردووە ، جارجایش چەکدارەکان بە ئۆتومبێلی سەربازی پڕ لە چەکدار بە نزیك (ناوەندی ولاٌت) تێپەڕ بوونە و هاتوچۆیان کردووەو ویستیویانە لە ڕێگای نیشاندانی هێزەوە نووسەرو ڕۆژنامەوانەکان ، (بارەگای ناوەندی ولاٌت) داخەن و شوێنەکە بەجێ بهێلٌن . تەنانەت پێیان ڕاگەیاندون رۆژنامەکەتان داخەن و برۆن ، ڕەوشەکە تاهاتووە گرژ تر بووەو ، شیمانەی هێرش زیاتر بووە ، کات ژمێر ١ ی پاش نیوەڕۆ ، سەرجەم نووسەرانی (ناوەندی ولاٌت) کۆبوونەوەیەکی نائاساییان سازکردووەو لەماوەی یەك کاتژمێردا ، دوا بارودۆخیان تاوتوێ کردووە ، هەندێ لەنووسەران بۆ کاری تایبەت دیاریکراون و نووسەرێکیش وەکو نوێنەری هەردوو رۆژنامەکە ئەرکی بەشداری کردنی لەکۆبوونەوەی ئامادەکای بۆدامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان پێسپێردراوە ، کەبڕیاربووە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەهۆلٌی ڕۆشنبیری کەشوێنەکەی کەوتووبووە سەرشەقامی کەرکوك ئامادەبێت . دوای ئەم کۆبوونەوەیە هەر کارمەندێك دەستی بە کاری خۆی کردووە ، کە بۆی دیاری کرابوو ، هەندێ لە نووسەران خەریکی گەڕان بوو نە بە دوای دۆسیەکانی ئەرشیف بەمەبەستی پاراستن و هەلگرتنی هەندێ شتی پێویست و گواستنەوەی هەندێ ئامێرو کەل وپەلی گرنگی ڕۆژنامەکە بۆ شوێنێکی ئار ام و باش ، هەندێکیش خەریکی ئامادەو چاپکردنی بەیاننامەیەك بوونە دژ بەو شالاٌوە بەرفراوانە سەربازیەی بۆسەر باشووری کوردستان . لەو کاتانەدا کە تەنیا (١) کات ژمێری مابوو هێرش بکرێتە سەر (ناوەندی ولاٌت) نووسەرانی ولاٌت بەم شێوە یە دواون : ( هێرشبە ران چیان لە دەست دێ با بیکەن ئێمە دلٌنیاین "ولاٌت" هەر بە ردەوام دەبێت . . . مەگەر تەرمەکەمان بکەوێ ، ئەگەرنا هەرگیز ڕێگانادەین بە چاو ساغی و زیندوویی ئێمە ، شتێك لە رۆژنامەی ولاٌت بکەوێتە دەستی هێرشبەران ) . ئادار - یەکێك لەونووسەرانەی بەماوەی کاتژمێرێك بەرلەهێرشەکە بۆکاری تایبەت دەرچووەو هەربەوشێوەیەش رزگاری بووە ، سەبارەت بەدواساتەکان دەلٌێت : ( لەو ساتانەدا هێرشبەران بیریان لەدزینی کەل وپەلی (ناوەندی ولاٌت ) و ، سەربازە ونەکانی "ولاٌت"یش بیریان لە پاراستنی بیری ئازادو سەربەستی و یەکبوون وگیانی خۆڕاگری دەکردەوە . . . ) هاوولاٌتیەکی سریانی لەعەنکاوە کەمالٌەکەی نزیك بەناوەندی رۆژنامەی ولاٌت بوو ، سالٌی ١٩٩٨ لەگەلٌ چەند کارمەندێکی ڕێکخراوە بیانیەکان ، سەردانی مالٌی ئەو هاوولاٌتیەمان کرد ، ناوبراو ، کە نەیخواست بەهیچ شێوەیەك ناوەکەی لەلێکۆلینەوەکەمدا بلاٌوبکەمەوە ، بەم شێوەیە باسی لەهێرشەکەی سەر رۆژنامەی ولاٌت بۆکردین : ( کاتژمێردوای پێنجی ئێوارەبوو ، چواردەوری بارەگای رۆژنامەی ولاٌت تەنرابە نزیکەی هەزار چەکدار ، چەند ئەندامێکی "ولاٌت" پێشی هێرشەکە رۆیشتبوون ، وئەوانیتریش لەناوەندی ولاٌت درێژەیان بەکاری ئاسایی خۆیاندەدا ، لەم کاتەدا یەکەم ڕۆکێتی ئار . بی . گی بەر تەلاری ناوەندی ولاٌت وەنراو دوای ئەوە بەبەشداری هەزاران چەکدارو بەپالٌپشتی دووتانك و چەندین رۆکێتی جۆری ١٠٦ملم لەسەر جێی سەربازی و بەدۆشکاوچەکی جۆراوجۆر هێرشێکی بەرفراوان کرایە سەر ناوەندی رۆژنامەی ولاٌت و لەئەنجامی هێرشەکەدا تەلاری ناوەندی ولاٌت زیانێکی مەزنی بەرکەوت و کەلوپەلەکانی ناو دەزگاکەش بەشێکی زۆریان سوتان و ئەوەی تریش هەمووی تالان کران ، بێگومان هەندێ لەمالٌەکانی دەوروبەری ولاٌتیش زیانیان بەرکەوت ، منیش هەرلەیەکەم دەنگی تەقەوە تادوادەنگی تەقەکان خۆم بۆرانەدەگیراو جاروبار سەرم دەردەخست و سەیری ڕەوشەکەم دەکرد ، تا بزانم ڕەوشەکە چی بەسەردێت؟ . . . . ) کچێکیتر بەناوی "ن" کەمالٌەکەی نزیك بە ناوەندی رۆژنامەی ولاٌت بوو ، لەچاوپێکەوتنێکمان لەگەلٌ ئەم کچە بەمجۆرە باسی لەرەوشی دوای هێرشەکەی بۆکردم : ( لەمهێرشەدا دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێش تێکەلٌ بوونی خوێن و خۆلٌ و ئاگرو قەلٌەم و کاغەزوئێسکان بوو . . . . ) . لەهێرشەکەدا ١٢ نووسەرو رۆژنامەوانی دەزگاکە تائێستا چارەنووسیان تەواو دیارنییە ، کە هەندێکیان شەهید و هەندێکیان دەستگیرو بێ سەروشوێنکراون ، کەبریتی بوون لە (محەمەد نادر - خۆگر ، مامۆستا ئازاد رواندزی - کەمال ، گونای گەچلەمز - رۆناهی ، مامۆستا ئیدریس عەلی - ئازاد ، ئەندازیارکاکەشوان - ڕێباز ، حامد بەرزنجی - کاوە ، مامۆستارۆزا محەمەد ، یوسف - موراد ، ئەندازیار گەلاٌوێژ کەمالٌ - ڕەوشەن ، ڕونی

www.kurdistannet.org

مەلازگرت، مێرخاس سەرێ کانی ،ماموٚستا رەجەب -گوٚران) . بەوشێوەیە١٢ڕۆژنامەوان و نووسەری ڕۆژنامەی ولاٚت و ولاٚتی ڕۆژ تائامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەش چارەنووسیان بەتەواوی دیارنیە کەچەندیان شەهیدو چەندیان دەستگیروبێ سەروشوێنن.هەروەها هەندێ ڕۆژنامەوانیتری دەزگاکە ، کەلەکاتی هێرشەکەدا بۆ ئەرك وکاری پێویستی ڕۆژنامە لەدەرەوەی ناوەندەکەبوون ، توانیان ڕزگاریان ببێ .

*کۆکوژیش دەنگی ولاٚت کپ ناکات.

ڕۆژنامەی ولاٚت لەگەڵ ئەو هێرش و کۆمەڵکوژیە گەورەیەی کەدەرحەقی ئەنجامدرا ،دەنگی کپ نەکراو، هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانەی ولاٚت کەلەسنووری نووسینگەی سلێمانی کاریان دەکرد بەهاریکاری جەماوەرو دۆستانی ولاٚت کەوتنەخۆ بۆدرێژەدان بە "ولاٚت" و پەیامەپیرۆزەکەی .یەکێك لەوانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەدەرچوونەوەی ولاٚت ،نووسەرو ڕۆژنامەوانی بەتوانا "ڕێبەر کەرکوکی" بوو. ئەوەبوو دوای ئامادەکاریەکی بەپەلە و ڕەنجێکی دڵسۆزانەو بێ هیچ تواناکاریەکی بەردەست، ڕۆژی ٢٦ - ٥ -١٩٩٧ "ولاٚت" یان گەیاندەوە دەستی خوێنەرانی و بەمەش هێرشەکەی دژبە "ناوەندی ولاٚت" یان والاٚ دەرخست، کەکۆکوژیش ناتوانێ دەنگی ولاٚت کپ بکات. ولاٚت کەلەشاری سلێمانی چاپ دەکرا ،هێشتا١٠ڕۆژ بەسەر هێرشەگەورەکەی سەر ئەندامەکانی لەهەولێر تێنەپەڕیبوو، کەبەنهێنی خۆی گەیاندەوە ناوشاری هەولێر و ناوچەکانیتریش. . .

* "ژیانی ئازاد" دەستەخوشکی "ولاٚت"

بڕیاربوو ناوەندی ولاٚت لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧لەشاری هەولێر گۆڤارێك یا ڕۆژنامەیەك تایبەت بەکێشەی ژن دەربکات، وەڵێ ئەم بڕیارە بەهۆی هێرش بۆسەرناوەندی ولاٚت وەستاو، لەسلێمانی بەکردار کەوتە جوڵەو ،ئەوەبوو ڕۆژی دووشەممە ٧ - ٧ -١٩٩٧یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "ژیانی ئازاد"ی دەنگی ڕاستەقینەی ژنانی کورد بە٤لاپەرە بلاٚوبۆوەو بووبەدەستەخوشکی ڕۆژنامەی "ولاٚت" . هەروەها ڕۆژنامەی "ولاٚتی ڕۆژ"ی دەستەخوشکی ولاٚت، کەبەزمانی عەرەبی دەردەچوو، دوای هێرشەکەی شاری هەولێر نەیتوانیبوو، هیچ ژمارەیەکیتری لێدەربچێت.

*سەری ساڵی نوێی ١٩٩٩، جارێکیتر داخستنی ولاٚت

یەکێك لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ولاٚت سەبارەت بەداخستنی ڕۆژنامەی ولاٚت لەیەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی ١٩٩٩ بەم شێوەیە بۆمان دوا : ( ئەو پیلانە نێودەوڵەتیەی کەلە٩ - ١٠ -١٩٩٨ دژبەبزاڤی دیموکراتی گەلی کورد دەستی پێکرد، سەرەتا سەرۆکی نەتەوەیی گەلی کورد بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆجەلان"ی کردە ئامانج و هەوڵی لەنێوبردنیاندا، پاشان هێرشی بەرفراوان بۆسەر گەریلاکانی کورد ئەنجامدراو، لەهەمانکاتدا پەخشی مەد تی ڤی ڕاگیراو لەباکووری کوردستان ڕۆژنامەی "ئولکەدە گوندەم" داخراو، هەوڵی داخستنی پارتی دیموکراسی گەل "هادەپ" و ڕۆژنامەی "ئازادیا ولاٚت" و چەند دام و دەزگایەکیتر درا، تیرۆرکردنی کەسانی ولاٚتپارێزیش کرانە ئامانج. ڕۆژنامەی "ولاٚت" یش لەنێو ئامانجی ئەم پیلانەدابوو. لەچوارچێوەی ئەم پیلانەدا ولاٚت بڕیاری داخستنی دراو لەشەوی سەری ساڵی نوێی١٩٩٩دا بڕیاری داخستنەکە لەلایەن دەسەلاٚتدارانی باشوورەوە جێبەجێکرا. پێیان وابوو پیلانی داخستنی ئەمجارە زۆر بەرفراوانەو ئیدی "ولاٚت" دەرناچێتەوە ، لەلایەك هەرچی چاپخانەی گەورە و بچووك هەبوولە سلێمانی خستبویانە ژێر کۆنترۆلی توندی خۆیانەوە ، لەلایەکی ترەوە کارەبای ناوەندی ڕۆژنامەکەمانیان بڕی ، لە لایەکی تریشەوە بڕیاری چۆلکردنی ناوەندەکەمەنیان دا . . . ، بەلاٚم سەرباری هەمووئەو ئاستەنگیانە نووسەرە لەخۆبردووەکانمان بێ گوێدانە هیچ پیلانێك شەو و ڕۆژ بێ پسانەوەبوون و نەدەوەستان لەپێناو هەرچی زووتر دەرکردنی ڕۆژنامە ئازیزەکەیان، پەیڤ شەوچەرەیان بوو، لەژێرزەمینەکانی شاری سلێمانی لەبەردەم فانۆس ومۆم بابەتەکانمان ئامادە دەکرد بەوشێوەیەش ڕۆژنامەی ولاٚت دوای دە ڕۆژ دەرنگ کەوتن لەکاتی خۆی، جارێکی تر لە ١٧ - ١ - ١٩٩٩ زەنگێکیتری بۆخوێنەرانی لێدا، وەلێ لە قەوارەیەکی بچووکتر کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. لەدەرچوونەوەی ئەمجارەدا هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی هیچ کەلێن و قوژبنێکی چاپخانەکان و دام ودەزگا چاپەمەنییەکان نەمابوون نەگەڕێن کە بزانن "ولاٚت" لەکوێ دەردەچێت . . . ) . لەلایەکی ترەوە هەرچی خاوەن چاپخانە هەبوون بانگهێشت کرابوون و هەڕەشەیان لێکرا بوو هەرچی "ولاٚت" ی لاچاپ بکرێ سزا دەدرێ ، ئەم ڕاسیتیانەش لەساڵی ٢٠٠٠ خاوەنی دووچاپخانە لەشاری سلێمانی بۆیان هێنایەنە زمان ،ئەمە جگە لەوەی چەندین جار ڕۆژنامە فرۆشانیشیان بەتاوانی فرۆشتن وبلاٚوکردنەوەی ڕۆژنامەی ولاٚت دەستگیرکردووە ، (ع +خ+ز) کە ڕۆژنامەفرۆشن ئەو ڕاستیانەیان بۆهێنایەنە زمان، تەنانەت یەکێکیان باسی لەسەرشکان و ئەشکەنجەدانی خۆی بۆدەکردین، کەلەپای بلاٚوکردنەوەوفرۆشتنی ڕۆژنامەی ولاٚت ئازاریان داوە .

*جارێکی تر ولاٚت داخرا . . . . . . !

لە درێژەی پیلانەکانی دژ بەتێکۆشانی گەلی کورد، ڕۆژنامەی "ولاٚت" لە سەرەتای مانگی ١١ -١٩٩٩ بڕیاری داخستنی جارێکتر لە لایەن هێزەکانی

www.kurdistannet.org

پێشووترەوە دەرکراو ئەمجارە لەژێر بیانووی فشاری تورکیا وڵات داخرا . دوای دەرچوونی ژمارە (٣٧٣)ی ئاسایی وڵات لە ١٥ - ١١ - ١٩٩٩ ڕێگە نەدرا هیچ ژمارەیەکیتر چاپ بکرێ و لە شوێنی ژمارەی داهاتووشی ڕۆژی ٢٢ - ١١ - ١٩٩٩ وڵات لە بەیاننامەیەکی تایبەتیدا لەژێر ناونیشانی (بۆ گەلی وڵاتپارێزی باشووری کوردستان) بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر داخستنی وڵات لەکۆتایی سەدەی بیستەم و دوا ڕۆژەکانی هەزارەی دووەم دەهێنێتە زمان : - (جارێکی دی ڕۆژنامەکەمان کەوتە بەر شاڵاوی نایاسایی و . . . بەبێ بوونی هیچ بیانوویەکی یاسای یا ڕۆژنامەوانی ، ڕۆژنامەکەمان لەلایەن " ی.ن.ك "ەوە داخرا ، ڕۆژنامەی وڵات هیچ سنوورێکی یاسایی یاخود ڕۆژنامەوانی نەشکاندووە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە بە ڕژەوەندی باڵای نیشتمانی بەبنچینە گرتووەو بەشێوازێکی گونجاو وبابەتیانەش نزیکی ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستان بۆتەوە ، هەربۆیە وەرگرتنی بڕیارێکی لەوجۆرە لە دژی ڕۆژنامەکەمان تەنها یەك واتا دەبەخشێ ، ئەویش لایەنە باڵادەستەکان هەردەم خوازیاری ئەوەبوونە گەلەکەمان لەباشووردا لەتاریکستانیدا بمێنێتەوە ، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بتوانن بازرگانی بەگەلەکەمان وکێشەکەیەوە بکەن ، چونکە ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەی "وڵات" ئەوەبووە ڕاستیەکان بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بکات وپەردە لەسەر نەخشەو پیلانەشاراوەکان . . . . . هەڵبماڵێت، هەرلەبەرئەوهۆیەش ئەم بڕیارەلە دژی وڵات دراوە . داخستنی ڕۆژنامەی وڵات ئەمجارە بەبیانووی فشاری دەوڵەتی تورکیاوە ئەنجام دەدرێت . . . . . . . ، ئەم کارە خۆی لەخۆیدا لاوازکردنی گیانی دیموکراتی یە و ، هەوڵێکە بۆ بەرپا نەبوونی دیموکراتی لە کوردستاندا) .

*وڵات ناوەستێ

لەگەڵ هەموو ئەو ئاستانگیانەی دەخرایە بەردەم ڕۆژنامەی وڵات ، ڕۆژنامەکە سووربوو لەسەرگەیاندنی پەیامەکانی و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ لەشاری ڕانیە دەستکرا بەئامادەکاری بۆدەرچوونەوەی وڵات و ئەوەبوو دوای ماوەی چەند هەفتەیەك وڵات لەمانگی شوبات لەشاری سلێمانی بەنهێنی دەستی بەدەرچوون کردەوەو خۆی گەیاندەوە خوێنەرانی و لەوماوەیەدا تەنیا ژمارە ٣٧٤و ٣٧٥ی لێدەرچوو، ئیتر ڕۆژنامەکە لەدەرچوون وەستاو دوای ئەوە هەفتەنامەی ڕوناهی لە٨ -٤ -٢٠٠٠ تا١١ -٩ -٢٠٠٠ بەدەرچوونی تێکرا ٢٢ ژمارە شوێنی وڵاتی گرتەوەو، بەهۆی ڕووداوەکانی ئەوکاتەی باشووری کوردستان ئەو هەفتەنامەیەش لەدەرچوون وەستاو دەست بەسەر ناوەندی ڕوناهی وکەلوپەکانیشی داگیرا ، کە کەلوپەل و ئەرشیفی ڕۆژنامەی وڵات و ژیانی ئازادیشی تێدابوو، هەرلەساڵی ٢٠٠٠ دا بەهۆی ئاستەنگیەکانەوە تەنیا یەك ژمارە لەڕۆژنامەی ژیانی ئازاد: دەنگی ئازادی ژنانی کورد لەڕۆژی ٩ -٩ -٢٠٠٠ بڵاوکرایەوە . هەروەها ژمارە سفری گۆڤاری ئایدۆلۆژی "وڵاتی ڕۆژ" کەتایبەت بوو بەباشووری کوردستان و ئێراق بڵاوکرایەوە .

*هەمیشەوڵات -هەمیشە تروسکە

ڕۆژنامەی وڵات لەگەڵ هەموو ئاستەنگیەکیانی پێشی هەرگیز وەستانی نەدەناسی و وەك هەڵهاتنی تروسکایی ڕۆژانە ، ببوو بەتروسکەیەك و لەناوهەموو زۆری زەحمەتیەك لەژێر لێزمەی بەفرو باران، بەشەو و بەڕۆژ، لەژێرگرمەی تۆپ و دەنگی فرۆکە و دەنگی تی ئێن تی ، لەشارو لەدێ، لەشاخ و لەدەشت بەردەوام درێژەی بەکاروانە پرلەسەروەریەکەی خۆی دەداو ئەمجارەش دوای کۆبوونەوەی سەربازە ونەکانی و هەوڵێکی چڕوپڕو دوای ١١ مانگ دابڕانی لەخوێنەرانی ڕۆژی ٣١ - ١ - ٢٠٠١ بەژمارە ٣٧٦ی خۆی جارێکیترو لەچاپێکی ڕێك وپێك و بەتروسکاییەکی گەشتر خۆی گەیاندەوە دەستی ئەویندارانی و دەگەیشت بەهەموو شاروناوچەکانی کوردستان. ڕۆژنامەی وڵات بەدروشمی وڵات دەروازەی شارستانی دیموکراسییە ، ٩ساڵی لەتەمەنی پرسەروەری پرکردەوەو بەخوێنی زیاتر لە٢٠ نووسەرو ڕۆژنامەوان و کارمەندی زیاتر لە ٤٠٠ گوڵی جوان و ڕەنگینی پێشکەش بەگەلەکەی کردو، ٤٠٠ملیۆن وشەی کرد بە٤٠٠ ملیۆن ئەستێرەی درەوشاوەو هەڵیدایە سەر سیمای ئاسمانی کوردستان.

*شەهیدو قوربانیانی وڵات

جگە لەو دوانزە ئەندامەی وڵات کەلەهێرشی ڕۆژی ١٦ - ٥ - ١٩٩٧وە شەهیدو بێ سەروشوێنن و تائەمڕۆ چارەنووسیان بەتەواوی نازانرێت، ژمارەیەکیتر لەنووسەرو ڕۆژنامەوانان وپەیامنێرانی ڕۆژنامەی وڵات لەشوێن وکاتی جیاجیاداو لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان تیرۆرکراون و گیانیان بەخت کردووە ، ئەمانەن : (د. سیراون شاهۆ - نووسەر، د. سەلاح هەورامی -نووسەر، رزگار ئیسماعیل - نووسەر و پەیامنێر، ڕێبەرکەرکوکی -نووسەروهەواڵنێر، ئازاد ئامەدی -پەیامنێر، وڵات مەولود -پەیامنێر، شیلان -پەیامنێروکارمەند، ئەبوبەکر هەڵەبجەیی -پەیامنێر لەهەڵەبجەو شارەزوور . .و. .و. .) . جگە لەوە دەیان جار، دەیان ئەندام و نووسەری وڵات دەستگیرکراون و بەسەدان شێوە ئەشکەنجەکراون.

*وڵات: ناوەندێکی ڕووناکبیری

www.kurdistannet.org

ولاّت وەکو دامەزراوە یاخود ناوەندێکی ڕووناکبیری جگە لەدەرخستنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ولاّت، ولاّتی ڕۆژ -بەعەرەبی، ژیانی ئازاد، ڕۆناهی، ولاّتی ڕۆژ -بەکوردی، ولاّتی ئازاد، هاوکاری وبەشداری لەدەرچوواندنی گۆڤاری : هەڵوێستی نیشتمانی ، ڕۆژ، ڕەوشەن ، ئاگری سەربەخۆیی، دەنگی ژیانا ئازاد، دەنگێ پەنابەرو ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵات وبلاّوکراوەی خۆزگە کردووە . هەروەها ولاّت لەماوەی ٩ساڵی تەمەنیدا زیاتر لەسەد پەرتووکی بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی سەبارەت بەبابەتەکانی سیاسی، مێژوویی، فەلسەفی، وێژەیی و ڕۆشنبیری دەرکردووە ، جگە لەچاپکردنی سەدان پۆستەری تایبەتی بۆبۆنەو ڕۆژەنەتەوەییەکانی گەلی کورد . ماوەتەوە بڵێین خودی ڕۆژنامەی ولاّت بۆخۆی لەماوەی ٩ساڵی تەمەنیدا ، جگە لەنۆ ژمارەی چاپی عەرەبی و گەلێك لەژمارەی تایبەتی، بەگشتی زیاتر لە٤٢٠ ژمارەی لێدەرچووە . هەروەها ئەوە جگە لە تێکڕایی سەدان ژمارەی ڕۆژنامەی دەستەخوشکەکانی ولاّتیش . هەروەها پێویستە لەبیریش نەکرێت ڕۆڵی ولاّت لەپەروەردەکردنی جەماوەردا ، کاتێ سەبارەت بەڕەوشی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ چەند خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانی و پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی چاوپێکەوتنم سازکرد لەبۆچوونەکانیان سەبارەت بەڕۆژنامەی ولاّت دەیانگوت: ( ڕۆژنامەی ولاّت بۆخۆی زانکۆیەکی مەزنە ، هەرلاپەڕەیەکی خوێندنگایەکن و ، هەروتارێکیشی بۆئێمە وانەیەکە ، چونکە ئەو بابەتە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و مێژوویی و فەرهەنگیانەی کەڕۆژنامەی ولاّت بلاّوی دەکاتەوە ، هیچ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیتر بلاّوی ناکەنەوە . . . . . ) هەروەها ناوەندی ولاّت وەکو پەیمانگایەکی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن تائێستا سەدان ڕۆژنامەوانی لاوی لەبواری جیاجیای کاری ڕۆژنامەوانی پێگەیاندووە .

بۆ سەرچاوەی ئەم بەشە :

- سەردانی کوردستان کراوەو سوود لەئەرشیفی سەرجەم ژمارەکانی ولاّت وەرگیراوە .
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی ولاّت ئەنجامدراوە .
- سوود لەبەڵگەنامەو دۆکۆمێنتی تایبەت بەڕۆژنامەی ولاّت و مۆڵەتە ڕەسمییەکانی ڕۆژنامەی ولاّت وەرگیراوە .
- دیدار لەگەڵ ژمارەیەك ڕۆشنبیر و مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی باشوور ئەنجامدراوە .
- دیدار لەگەڵ ژمارەیەك لەخاوەن چاپخانەو پەرتووکخانەو ڕۆژنامەفرۆشەکانی شاری سلێمانی و هەڵەبجە ئەنجامدراوە .
- دیدار لەگەڵ چەند هاوولاّتییەکی باشووری کوردستان ئەنجامدراوە .
- نووسەرێك لەناو دەستەیەك لەڕۆشنبیرو نووسەرانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان، کە سێ ساڵ لەمەوبەر کەسەردانی باشووری کوردستانیان کردبوو، هەندێك زانیاری و دۆکۆمێنتی گرنگی بۆبەدەستخستین .